سەرۆک بارزانی بۆ رۆژنامەی الحياة :

بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم پرۆسەیەکی ئاشتی و دوور لە توندوتیژییە

نامانەوێت ئەزموونێکی سەد ساڵەی شکستخواردوو لەگەڵ عێراقدا دووبارە بکەینەوە

بەڕێز مسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ رۆژنامەی حەیات، کە لە ژمارە (19850)ی دوێنێ چوارشەممە 9ی ئاب بڵاوکراوەتەوە و ئاماژە بە پرسی ریفراندۆمی سەربەخۆیی و حەشدی شەعبی دەکات، هاوکات لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا لەبارەی سەرهەڵدانی شەڕی دیکە لە ناوچەکە گوتی: بە هیچ شێوەیەک هەوڵ بۆ شەڕ نادەن، بەڵام بەردەوام ئامادەن بەرگری لە هەرێمی کوردستان بکەن. هاوکات سەرۆک بارزانی لەبارەی چارەنووسی کەرکووکەوە روونیکردووەتەوە کە پێشبینی ناکەین کەرکووک ببێتە سەرچاوەی کێشەکان لەگەڵ بەغدا، دەشڵێت: هەر رێککەوتنێکی نێودەوڵەتی لە نێوان ئەمەریکا و رووسیادا بکرێت، ئەوا بە بێ هەرێمی کوردستان نابێت.

حەیات: دوای یەکلابوونەوەی شەڕی مووسڵ لەگەڵ داعش، ئێوە چ عێراقێکتان دەوێت؟

سەرۆک بارزانی: پێویستە مامەڵە بە تەنها لەگەڵ ئەنجامی شەڕی مووسڵ نەکەین، بەڵکو پێویستە ئەو هۆکارانە چارەسەر بکرێن، کە بوونەتە هۆی دەرکەوتنی داعش و فراوان بوونی ئەو رێکخراوە. پێویستە رێکار و پلانی ئیداری و سیاسی و ئەمنی دیکە بگیرێتەبەر، بۆ ئەوەی متمانە بۆ پێکهاتەکانی مووسڵ بگەڕێتەوە و بتوانن جارێکی دیکە دەست بە ژیانێکی ئاسایی بکەنەوە. لە عێراقی دوای داعش پێویستە دانیشتووانی ناوچەکە ئەرکی پارێزگاریکردنی ناوچەکانییان لە رووی ئەمنی و سیاسییەوە لە ئەستۆ بگرن، دوور لە ململانێی تایەفەگەری.

حەیات: پێشبینی هیچ شتێکی لە ناکاو دەکەن لە کاتی دەرکردنی داعش لە قەزاکانی تەلەعفەر و قائیم و حەویجە؟

سەرۆک بارزانی: هیوادارین رێکخراوی داعش لە ناوچەکانی تەلەعفەر و قائیم و حەویجە بە کەمترین زیان لە ریزی هاووڵاتییانی سڤیل، تێکبشکێنرێت، لە رووی کردارییەوە داعش توانای بەرگریکردنی نەماوە.

حەیات: لە کۆنترۆڵکردنەوەی تەلەعفەر، چەند مانگێکە ترسێک لە بەشداریکردنی "حەشدی شەعبی" هەیە، بە تایبەتیش مەترسی لە ئەنجامدانی پێشێلکاری بەرامبەر بە سوونە و تورکمان، ئایا ئەو مەترسییانە هێشتا هەن؟

سەرۆک بارزانی: لە سەرەتاوە، لەو بڕوایەدابووین کە پێویستە سوپای عێراق ئەرکی کۆنترۆڵکردنەوەی تەلەعفەر بە هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی، بگرێتە ئەستۆ. ئەوانەی لە تەلەعفەر ماون، تورکمانی سوونەن و بەشێکیان هاوکاری داعشییان کردووە، مەترسی ئەوە هەیە لەو پرۆسەیەدا تۆڵە بسەنرێتەوە، رەنگە بگاتە ئەوەی منداڵ و ئافرەتیش بگرێتەوە، ئەوەش دەبێتە هۆی ئاڵۆزبوونی زیاتری کێشەکان.

حەیات: زۆرێک لە هێزە سیاسییەکانی عێراق، گلەیی لە سەرکردایەتی کورد دەکەن لە هەرێمی کوردستانی عێراق، بە هۆی ئەوەی کاتێکی "خراپیان" بۆ راگەیاندن و پێداگریکردن لەسەر ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ بڕیاردان لە مافی چارەنووسی کورد هەڵبژاردووە، هەندێک بەرپرسیارێتی زیادبوونی مەترسییەکانی هەڵوەشانەوەی یەکپارچەیی عێراق دەخەنە ئەستۆی ئێوە. ئایا وای دەبینن کە بە هۆی بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم لە 25ی ئەیلوول/ سێپتێمبەری داهاتوو شەڕێکی دیکە هەڵبگیرسێت، کە هێشتا ئەو وڵاتە نەیتوانیوە بەهۆی جەنگەوە هەناسەیەک هەڵمژێت؟

سەرۆک بارزانی: بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی، پرۆسەیەکی ئاشتی و دوور لە توندوتیژییە، ئامانجی سەرەکیش لێی رێگرتنە لە روودانی کارەسات و جەنگی نوێ. ئێمە داواکاری جەنگ نین، بەڵکو بەردەوام داوای برایەتی و دۆستایەتیمان کردووە، سەبارەت بە کاتی ئەنجامدانی ریفراندۆمیش، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان بڕیاریداوە ریفراندۆم لەو کاتەدا ئەنجام بدرێت و پاشەکشەی تێدا ناکرێت. ریفراندۆم مافێکی رەوای گەلەکەمانە و هەر دەبێت ئەو مافە لە نزیکترین دەرفەتدا پیادە بکرێت، بۆ ئەوەی ئیرادەی گەلی کوردستان نیشانی جیهان بدەین. ئەگەر هەندێکیشیان لەو بڕوایەدان کاتەکەی گونجاو نییە، لێیان دەپرسین کەی ئەو کاتە گونجاوە دێت بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم؟ ئەگەر چاوەڕێی رەزامەندی ئەوان بین، ئەوا تا هەتایە هیچ کاتێک بۆ ئەو پرۆسەیە دیاری ناکەن. تەنها گەلی کوردستان مافی ئەوەی هەیە کاتەکەی دیاری بکات. هاوبەشییەکی ئازاد و ئارەزوومەندانەمان لەگەڵ عێراق هەڵبژاردووە، بەڵام بە هۆی پێشێلکردنی دەستوورەوە سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە مافی گەلی کوردستانە رێگەیەکی دیکەی هەڵبژێرێت.

حەیات: تەنانەت هێزە هەرێمییەکانی وەکو تورکیا و ئێران، نارازیبوونی خۆیان لە بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم نیشانداوە، چونکە کیانێکی سەربەخۆی کورد لە کوردستانی عێراق، کورد لە هەردوو وڵاتەکەی دیکەش هاندەدات هەمان رێگە بگرنە بەر؟

سەرۆک بارزانی: ئێمە داوای ئەنجامدانی ریفراندۆم دەکەین لە هەرێمی کوردستان، باسمان لەو هۆکارانەش کرد کە هەرێمی کوردستان بە هۆیەوە دەیەوێت ئەو پرۆسەیە بگرێتەبەر، ئێمە نامانەوێت ئەزموونێکی سەد ساڵەی شکستخواردوو و پڕ لە مەرگەسات لەگەڵ دەوڵەتی عێراق دووبارە بکەینەوە. پێویستە لەسەر وڵاتانی هەرێمی لەوە تێبگەن، لەو بڕوایەدام بۆیان روونبووەتەوە کە ئێمە هۆکارێکی سەقامگیرین لە ناوچەکە. کورد لە وڵاتانی دراوسێ هەن، ناتوانرێت تاهەتایە نکۆڵی لە بوونیان بکرێت، هەر دەبێت دۆزەکەیان لە رێگەی ئاشتییانەوە چارەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی سەقامگیری و گەشەپێدانی ئاشتی ناوچەکە بگرێتەوە.

حەیات: چۆن ئەوە هەڵدەسەنگێنن کە داوای کردنەوەی لقێکی حزبەکەی خۆتان کردووە لە تورکیا، لە کاتێکدا رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا، هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم رەتدەکاتەوە؟

سەرۆک بارزانی: ئەنجامدانی ریفراندۆم مانای راگەیاندنی جەنگ لە دژی وڵاتانی دراوسێ نییە و بە واتای دوژمنایەتی نایەت، ئێمە بڕوای تەواومان بە دروستکردنی پەیوەندی دۆستایەتی هەیە لەگەڵیان، بەتایبەتیش تورکیا. ئێمە داوای کردنەوەی لقێکی حزبەکەمان نەکردووە لە تورکیا، ئەوە زانیارییەکی هەڵەیە، ئەگەر مەبەستتان کردنەوەی نووسینگەی حزب بێت، ئەوە کارێکی ئاساییە.

حەیات: هەندێک لەو بڕوایەدان، مەبەستی ئێوە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم، رێگرتنە لە یەکگرتن و گەلەکۆمەی حزبە کوردییەکانی دیکە لە دژی ئێوە؟

سەرۆک بارزانی: ریفراندۆم مافی هەموو تاکێکە لە تاکەکانی گەل. تەنها هاووڵاتییان بۆیان هەیە دەنگبدەن و کارەکە پەیوەندی بە حزبەکان و ناکۆکییەکانی ئەوانەوە نییە، ئەو جیاوازییانەی کە هەن بە کارێکی ئاسایی دادەنرێت لە ژیانی سیاسی، لە هەموو قۆناغەکانیشدا بوونیان هەیە، ریفراندۆم لە سەرووی بەرژەوەندییە حزبییەکانەوەیە، چونکە بڕیارەکە پەیوەندی بە نەوەکانی داهاتووەوە هەیە و بەشێک نییە لە ململانێ حزبییەکان.

سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بڕیاری ریفراندۆمی داوە و پاشەکشەی تێدا ناکرێت

حەیات: بەرامبەرەکانتان تۆمەتبارتان دەکەن بە ئاڵۆزکردنی پرۆسەی ریفراندۆم، بە هۆی ئەنجامدانی ریفراندۆمی ئەلیکترۆنی بۆ ئەو کوردانەی لە شارەکانی دیکە نیشتەجێن، لە لایەکی دیکەوە ریفراندۆم ناوچە "کێشە لەسەرەکان"یش دەگرێتەوە، هاوکات ناتانەوێ ریفراندۆمەکە شێوەیەکی یاسایی وەربگرێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پێوەی پابەند نەبن؟

سەرۆک بارزانی: کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە کارە تەکنیکییەکانی ریفراندۆم بەرپرسە، هەوڵ هەیە بۆ ئاسانکردنی پرۆسەکە بۆ هاووڵاتییان، لە هەرێمی کوردستان دەنگدانەکە بە شێوەی کاغەز دەبێت، بەڵام لە دەرەوەی هەرێم کۆمیسیۆن لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی رێگەیەکی گونجاو بدۆزێتەوە. ریفراندۆم شێوەی یاسایی خۆی وەرگرتووە، فەرمانی هەرێمی لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ دەرچووە، ئەنجامی ریفراندۆمیش رەنگدانەوەی ئیرادە و ویستی گەلی کوردستانە، ئەنجامەکەشی دەبێتە بنەمایەک بۆ دەستپێکردنی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا.

حەیات: پارتی کرێکارانی کوردستان بە هەوڵدان بۆ داگیرکردنی شنگال تۆمەتبار دەکەن و ئەوانیش رەتیدەکەنەوە، پێشبینی ئەوە دەکەن دوای داعش رووبەڕوویان بینەوە؟

سەرۆک بارزانی: بوونی چەکدارانی پارتی کرێکاران لە شنگال نایاساییە، رێگەنادەین هیچ هێزێک جگە لە هێزە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان لەو ناوچانە بوونییان هەبێت، لە هەوڵی بەردەوامداین بۆ ئەوەی رێگری لە رووبەڕووبوونەوەی سەربازی بکەین، لە کۆتاییشدا دەبێت خەڵکی شنگال خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن.

حەیات: ترستان لە پێکدادانی سەربازی لەگەڵ حەشدی شەعبی لە تەلەعفەر و رووبەڕووبوونەوەی حکوومەتی حەیدەر عەبادی نییە کە هەوڵەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ جیابوونەوەی کوردستانی عێراق رەتدەکاتەوە؟

سەرۆک بارزانی: تەلەعفەر ناوچەیەکە دەکەوێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لەو بڕوایەداین پێویستە سوپای عێراق ناوچەکە کۆنترۆڵ بکاتەوە، هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ "حەشدی شەعبی" نییە، بەڵام رێگە بەو هێزانە نادەین بێنە ناو خاکی کوردستان. لە شەڕی داعش، بە تایبەتیش لە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی مووسڵ، هەماهەنگییەکی زۆر باشمان لەگەڵ حەیدەر عەبادی هەبوو، هەرگیز داوای جەنگ ناکەین و دەستپێشخەریش نابین بۆ ئەو کارە، بەڵام بە دڵنیاییەوە مافی ئەوەمان هەیە پارێزگاری لە خۆمان بکەین ئەگەر شتێکی لەو جۆرە بەسەرماندا بسەپێنرێت.

حەیات: تەنانەت واشنتنیش داوای کردووە ریفراندۆم ئەنجام نەدەن، ئەگەر ئەمەریکا، تورکیا و ئێران دژایەتی پرۆسەکە بکەن، ئێوە گرەو لەسەر چی دەکەن؟

سەرۆک بارزانی: گەلی کوردستان مافی تەواوی هەیە خۆی بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، ئێمە متمانەمان بە گەلی خۆمان هەیە. بە دڵنیاییەوە لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی هەندێک لە وڵاتان تێدەگەین، بەڵام جێگرەوە و بەدیل چییە؟ ئایا دەیانەوێت ئەزموونێکی شکستخواردوو دووبارە بکەینەوە؟ بۆ دەبێت ئێمە خۆمان مەرگەسات بەسەر خۆمان بهێنینەوە؟ جارێکی دیکەش لەو وڵاتانە دەپرسین: ئایا هیچ کاتێکی گونجاو هەیە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم؟

حەیات: ناکۆکییەکان لەگەڵ بەغدا، دۆسیەی نەوت و رێککەوتنەکانیشی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان گرتووەتەوە، هیچ دەرچەیەک بۆ کۆتایی هێنان بەو ناکۆکییە درێژخایەنانە هەیە؟

سەرۆک بارزانی: لە ساڵانی رابردوو، کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر نەکران و هەموو رێککەوتنەکانیش پێشێلکراون. کاری لە پێشینە بۆ ئێمە لە ئێستادا ئەوەیە ریفراندۆم ئەنجامبدەین و شێوازێکی دیکەی پەیوەندی لەگەڵ بەغدا بدۆزینەوە، بە دڵنیاییەوە دۆسیەی نەوت یەکێک دەبێت لە دۆسییەکان کە دوای ریفراندۆم لەگەڵ بەغدا گفتوگۆی لەسەر دەکەین.

حەیات: ئایا کەرکووک دەبێتە دەستپێکی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حکوومەتی عەبادی؟ ئایا پێکدادانی سەربازی لەگەڵ سوپای عێراق، پێشبینی کراوە؟

سەرۆک بارزانی: هیوای رووبەڕووبوونەوە ناخوازین لە هیچ شوێنێک، ئامانجمان ئەوەیە کەرکووک بکەینە نموونەیەکی پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی.

حەیات: ئایا کورد لە بەدیهێنانی خەونی دەوڵەتی سەربەخۆی بەردەوام دەبێت سەرەڕای ئەوەی بە "داکوتانی دوایین بزمار لە تابووتی یەکپارچەیی عێراق" تۆمەتبار دەکرێن؟

سەرۆک بارزانی: دەوڵەتی عێراق لە رووی کردارییەوە دابەش بووە، هەموو بنەما هاوبەشەکان و دەستووریش پێشێلکراوە، شەڕی تایەفی هەیە و دەوڵەت سەروەریی نەماوە، بە دڵنیاییەوە هەرێمی کوردستان بەرپرس نییە لەوەی کە عێراق تێیکەوتووە، بە پێچەوانەوە، لەو بڕوایەداین سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان هۆکارێک دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئێمە یەکپارچەیی خاکی عێراقمان بە ئامانج نەگرتووە، بەڵکو پابەند نەبوون بە دەستوور و سیاسەتە هەڵەکانی حکوومەتی عێراقە کە یەکپارچەیی خاکەکەی کردووەتە ئامانج.

حەیات: ئایا بە ریفراندۆم، گەلی کوردستان ناخزێتە شوێنی سووتێنەکانی عێراق کە بەردەوام سکالای پەراوێزخستن و ئەوانی، ئایا ناگاتە ئاستی دوژمنداری و تێکچوونی پەیوەندی لە نێوان هەولێر و بەغدا؟

سەرۆک بارزانی: ئێمە دەپرسین، بۆچی سوونە پەراوێزخراوە؟ ئەوە بەڵگەیەکە لەسەر شکستی دەوڵەتی عێراق و پێشێلکردنی دەستوور، هەرێمی کوردستان تەنها دووچاری پەراوێزخستن بووەتەوە، بەڵکو بنەمای هاوبەشییان تێکشکاند و هەرێمی کوردستان رووبەڕووی گەمارۆی ئابووری بووەتەوە. ئێمە ناتوانین چیدیکە لە چوارچێوەی یەک وڵات بژین، بەڵکو دەتوانین ببینە دوو دراوسێ و لاپەڕەیەکی نوێ لە پێکەوەژیانی ئاشتیانە هەڵبدەینەوە.

حەیات: چ شتێک یەکپارچەیی عێراق دەپارێزێت؟

سەرۆک بارزانی: دەستوور تاکە گەرەنتی مانەوەی عێراق بوو بە یەکپارچەیی، بە پێشێلکردنی دەستووریش دەرفەتی هێشتنەوە و پارێزگاریکردن لە عێراقی یەکپارچە لە دەست دەرچوو.

حەیات: دوای تێکشکاندنی داعش، چ شتێک رێگری لە گەڕانەوەی رێکخراوێک دەکات و مۆتەکەی تیرۆر بە ناوی جیاواز لە ژێر چ ئاڵایەک دەستپێدەکاتەوە؟

سەرۆک بارزانی: لەناوبردنی ئەو گرفتانەی کە هەبوون، هەروەها چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی بوونەتە هۆی پەیدابوونی "داعش"، کۆتاییهێنان بە شەڕی تایەفی و جیاکاری مەزهەبی، بوونی ئیرادەیەکی جددی و راستگۆ لە هەموو لایەنەکان بۆ دژایەتیکردنی فیکری داعشی، هەموو ئەمانە دەبنە رێگر لەبەردەم سەرهەڵدانەوەی داعش سەر لەنوێ.

حەیات: ناترسن لەوەی جارێکی دیکە کورد باجی گەورە بدات، ئێستا کاتی "رێککەوتنی گەورە"ی نێوان واشنتن و کرملین، بەتایبەتیش ئێستا نزیکبوونەتەوە لە تێگەیشتنێک لەسەر دابەشبوونی هەژموونی خۆیان لە سووریا؟

سەرۆک بارزانی: گەلی کوردستان لە ماوەی سەد ساڵی رابردوو، بۆ پاراستنی یەکپارچەیی عێراق، قوربانی زۆری داوە، هەرێمی کوردستان ئێستا بەهێزترە، تیرۆری تێکشکاند، بە قوربانییەکانی داکۆکی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردووە، لەو بڕوایەدا نین هیچ رێککەوتنێک هەبێت ئێمەی لێ دەربهێنرێت و جیابکرێتەوە، بە دڵنیاییەوە رێزی تایبەتی نێودەوڵەتی هەیە بۆ قوربانییەکانی گەلی کوردستان و قوربانیدانەکانی.

حەیات: هێلالی شیعی، لە تارانەوە بەرەو بەغدا و دیمەشق و بەیرووت، ئایا دژی هەرێمی ناوچەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی ئێران مساوەمەی لەسەر بکات؟ ئایا ئەوەی محەمەد ئەحمەدینەژاد لە بەغدا سەرکەوتنی راگەیاند، هەمان شت لەگەڵ قاسم سلێمانی لە دیمەشق دووبارە دەبێتەوە؟

سەرۆک بارزانی: بەرپرسانی ئێران بە راشکاوی سەرکەوتنییان لە بەرنامەی کردنەوەی رێگەیەک لە تارانەوە بۆ بەغدا و دیمەشق و بەیرووت راگەیاندووە.

سەرچاوە: k24